

سەروتار

# گۆڤاری گەیاندن بۆ ؟

لەوەتەی گەیاندن بووەتە ئامرازێکی کاریگەر لە ژیانی مرۆڤایەتی، رۆژ لە دوای رۆژ زاناکان گرنگیەکی لە رادە بەدەریان بەم بوارە داوە و بەرەو پێشیان بردووە و وایان لێکردووە ببێتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی هەرتاکێک. ئەمرۆ شۆرشی گەیاندن دونیای زۆر بچوک کردۆتەوە و بە زووترین کات هەر هەواڵێک و لە هەر بوارێک بێت لە هەموو سوچی دونیا بڵاو دەبێتەوە. هەر ئەم شۆرشە ئەمرۆ لە جیهاندا بووەتە فشارێکی جەماوەری لە سەر دەسەڵاتەکان و وای لێهاتووە هەردەم دەسەڵات حسابی بۆ بکات.

بەڵام رژێمی سەدام، عێراقی بە گشتی لەو تەکنۆلۆژیایە و ئەو شۆرشە خێرایە بێ بەش کردبوو هەر بۆ نموونە ئەو بگۆرانەی لە کوردستان کاریان دەکرد جۆریان زۆر کۆن بوو، لە هەموو دونیا لە خزمەت ئاوت کرابوون. هەروەها تۆری پەیوەندی مایکرۆویڤیش بە هەمان شێواز بوو، کردارێکی زۆر قورس بوو تا هاووڵاتیەک بیتوانیبا پەیوەندی بکات، تەنانەت لە هەندێک شار و شارۆچکەی کوردستان، بگۆرە دەستیەکان لەکاردا بوون، خۆ تا ئازادکردنی عێراق، سەتەلایت و مۆبایل جگە لە کوردستان قەدەغە بوو.

بۆ ئەوەی پەرە بەم بوارە بدرێت و خەڵکی سود لە تەکنۆلۆژیای سەردەم وەربگرن خزمەتگوزاریەکان پەرەیان پێبدرێت، وەزارەتمان بەپێی پلانی دارێژراو، بە یارمەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت، توانی سەرجەم بگۆرەکانی شار و شارۆچکەکان بگۆرێت، هەروەها بە دوو سیستەم تۆری پەیوەندی لە نێوان شار و شارۆچکەکان دانرا. لە بواری مۆبایل و ئینتەرنێت و سەنتەری پەیوەندی جیهانی و کۆفی نێت... هتد. کەرتی تایبەت کە بەپێی توانامان هەموو ئاسانکاریەکمان بۆیان کردووە، ئەسپی خۆیان تاوداوە ئەو خزمەتگوزاریانەیان لە هەموو شارەکانی کوردستان بەگەر خست. سەرەرای ئەو هەموو دەسکەوتانە بەڵام ئەوەی وەزارەتمان پلانی بۆ دارێشتووە هێشتا بە تەواوی جێ بە جێ نەکراوە، هەر بۆیە بەردەوامین لە ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگ و بە سود لەم بوارە. گومان لەوە دانیە شۆرشی زانیاری و گەیاندن ئەمرۆ بوارێکی رۆشنبیرییە و پێویستە گرنگی پێ بدەین و زانیاریەکان و ئەوەی پەیوەست بە رۆشنبیری تاکە بخەینە بەردەستی خوێنەران، بۆیە بیرمان لە دەرکردنی گۆڤاری (گەیاندن) کردەوە بە هیوای ئەوەی بتوانین خوێنەر و هاوڵاتیان پتر لە گەیاندن بە مانا بەرفراوانەکەی ئاشنا بکەین.

خاوەن ئیمتیاز